حکومەت "دەستپێشخەری نیشتمانی وەبەرهێنان و بەکارخستنی نیشتمانی" بە بەرنگاربوونەوەی بێکاری هادگیەنێت



محەمەد شیاع سودانی سەرۆک وەزیران سەرپەرشتی کۆبوونەوەیەک دەکات سەبارەت بە چالاککردنی سیستەمی وەبەرهێنان، بەرەوپێشبردنی گۆشەپێدان، و دامەزراندنی هەزی کار.

نوسینگەی هاگیاندنی سەرۆک وەزیران لەهاگیەندراوەکدا کەدەستی موتەبع کوتووە باویکردوە،ئەمەیکشەممە، سەرۆک وەزیران، محەمەد شیاع سودانی سەرکایەتی کۆبوونەوەیەکی فراوانکراوی کرد، کە تایبەتە بە گفتوگۆکردن لەسەر میکانیزمەکانی کاراکردنی یاسای وەبەرهێنان ژمارە (٢ی ساڵی ٢٠٠٩)، و بەکارخستنی بۆ پتەوکردنی گۆشەپێدان و دامەزراندنی هەزی کاری نیشتمانی، بە ئامادەبوونی سەرکی دەستەی وەبەرهێنانی نیشتمانی، نوێنەرانی لایەنە پەیوەندیدارەکان لە وەزارەت و دەزگاکان، و کەمەڵەی بانکە تایبەتەکانی عێراق.

لە میانی دیدارەکەدا سودانی دووپاتی کردەوە کە حکومەت بەردەوامە لە جێبەجێکردنی دیدگایەکی هوون بۆ ئامانجی هێکخستنی بازاڕی کار و فراوانکردنی چەتری پاراستنی کۆمەایەتی و بەرزکردنەوەی متمانە بە ئابووری نیشتمانی و گرینی وەبەرهێنان بۆ بزوێنەرێکی کارا بۆ دامەزراندنی گەنجان و شایستەکردنی گەنجان و دەستبەرکردنی مافەکانیان. ئەمەش بەشدار دەبێت لە کەمکردنەوەی هێژەی بێکاری و دروستکردنی هەڵی کاری هاستەقینە و بەردەوام لەناو پێژەکانی وەبەرهێنان لە هێگەی هاوبەشییەکی

یەکگرتوو لە نێوان حکومەت و کەرتی تایبەت و پشتیوانیکردنی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان.

لەدرێژی بەیاننامەکە دا هاتووە : هەر لە میانی کۆبوونەوەکەدا ژمارەیەک ڕاسپاردە بۆ جێبەجێکردن پێسند کران کە دیارترینیان بریتی بوون لە:

*دەستپێکردنی (دەستپێشخەری وەبەرهێنان و دامەزراوەی نیشتمانی)بۆ سەرپەرشتی سەرۆک وەزیران، بۆ ئاوەی ببێتە چوارچێوەیەکی گشتگیر بۆ هەموو هەوڵەکان کە ئامانجیان بەهێزکردنی دامەزراوەی نیشتمانییە لێناو پڕۆژە وەبەرهێنانەکاندا، و بەشداریکردن لە کەمکردنەوەی ڕیسکی بەکاری.

*پێکهێنانی لیژنەیەکی باڵا بۆ سەرکایەتی نووسینگەی سەرۆک وەزیران، و ئەندامێتی لایەنە پەیوەندیدارەکان، بۆ بەدواداچوونی جێبەجێکردنی برگەکانی وەبەرهێنان و چاودێریکردنی ڕیسکەکانی دامەزراندنی نیشتمانی، بەجۆرێک کە دامەزراندنی گەنجان بۆ ڕێژەیەکی گرنگ لە سەکتەر وەبەرهێنانە جیاوازەکاندا مسۆگەر بکات، و وەبەرهێنەران پابەند بکات بۆ میکانیزمە هوونەکان بۆ بەهێزکردنی بەشداریکردنی شارەزایانی نیشتمانی لە بازاڕی کاردا.

*پێسندکردنی پلاتفۆرمێکی ئەلیکترۆنی یەکگرتوو کە دەستەی نیشتمانی وەبەرهێنان، و وەزارەتەکانی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و تەندروستی، و بانکی ناوەندی عێراق بیەکخەن دەبەستەوە، بۆ تۆمارکردنی زانیاری کارمەندانی پڕۆژە وەبەرهێنانەکان، و بەستنەوەیان بە دنیایی کۆمەڵایەتی و تەندروستییەوە.

*فراوانکردنی بواری خێزکردنی مووچەکان بۆ هەموو کارمەندانی کەرتی تایبەت لێناو سیستەمی بانکی نیشتمانیدا، بۆ سەرپەرشتی بانکی ناوەندی و کۆمەڵەی بانکە تایبەتەکان.

*پێدانی هاندان و ئیمتیازات بۆ پڕۆژانەی کە پابەندن بە دامەزراندنی عێراقییەکان و خێزکردنی مووچەکانیان، و پێدانی بڕوانامەی پڕۆژەی نیشتمانی بەرپرسیار لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە بە سەرپەرشتی سەرۆک وەزیران، لەگەڵ پێدانی هاندان بە کارمەندانی کەرتی تایبەت، هاوشێوەی کارمەندانی کەرتی حکومی،بەجۆرێک کە دادپەروەری کار بەهێز بکات و هانی بەشداریکردن لە بازاڕی کاری نیشتمانیدا بدات.

* دەستپێکردنی پڕۆژەیەکی نیشتمانی بۆ ڕاهێنانی پیشەیی و تەکنیکی،بۆ هاوکاری لەگەڵ دەستەی نیشتمانی وەبەرهێنان و وەزارەتەکانی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی،و بۆ پشتگیری دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان، بۆ ئامانجی شایستەکردنی کادیرانی عێراقی بۆپڕی

نوێترین ستاندارد و پێوەرە نێودەوڵەتییەکان، و بەجێرێک کە توانایان پێبدات بە چوونە ناو بازاڕی کار بە توانایەکی بەرزەوە، و دابینکردنی پێداویستییەکانی پێژە وبەرهەنانکان لە شارەزایی نیشتمانیی